# ئەو شتانەی کە لەسەر ئەو کەسەی لەئیحرامدایە حەرامە ویاساغە

[ kurdish – کوردی – كردي ]

## شێخ عبد العزیز بن باز

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# ﴿ الأشياء التي يتجنبها المُحرم ﴾

« باللغة الكردية »


عبد العزيز بن عبد الله بن باز



ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

## ئەو شتانەی کە لەسەر ئەو کەسەی لەئیحرامدایە حەرامە ویاساغە

**پرسیار :** ئایا ئەو شتانە چین کە دەبێت ئەو کەسەی کە لە ئیحرامدایە نەیانکات و دوور بکەوێتەوە لێیان؟

**وەڵام :** سوپاس بۆ خوای گەورە .

ئەو کەسەی لەئیحرامدایە دەبێت دوور بکەوێتەوە لە نۆ شت کەحەرامە ویاساغە لەسەری تا ئەو کاتەی کە ئیحرامەکەی دەشکێنێت ولێ دەبێتەوە لە حەجەکەی یان عومرەکەی، زانایانی ئیسلام باسی ئەم نۆ شتەیان بەم شیوەیە کردووە :

دوورکەوتنەوە لەبڕینی مووی سەر، ونینۆك کردن، وبەکارهێنانی بۆنی خۆش، ولەبەرکردنی جلوبەرگ وپۆشاکی دوراو، وداپۆشینی سەر بۆ پیاوان، ڕاوکردن، وجیماع و سەرجێی کردن لەگەڵ خێزاندا، ژن هێنان وبەشوودان ومارەبڕینی، وتێکەڵاویکردن ویاری وگەمە کردن لەگەڵ ئافرەت، هەموو ئەم شتانە لەسەر ئەو کەسە حەرام و یاساغە کە لەئیحرامدایە، بەهیچ شیوەیەك نابێت نزیکیان بکەویتەوە تا ئەو کاتەی تەحەلول دەکات،

وە کاتێکیش تەحەلولی یەکەمی کرد هەموو ئەم شتانەی بۆ حەڵاڵ دەبێت جیماع کردن وچوونە لای خێزانی نەبێت، وەکاتێکیش کە تەحەلولی دووەمی کرد جیماع و چوونە لای خێزانیشی بۆ حەڵاڵ دەبێت .

تێبینی : ئافرەتان نابێت دەستکێش لەدەست بکەن و ڕوومەتی خۆیان داپۆشن، کاێك نەبێت کە پیاوانی بیگانەیان لێ دیار بێت .

تەحەلولی یەکەم : لەپاش ئەوەی حاجی لەیەم ڕۆژی جەژن ڕەمی جەمەرەی عەقەبەی کرد و شەکی (هەدیەکەی) سەربڕی یان سەری تاشی ئەو کاتە پێی دەوترێت تەحەلولی یەکەمی کردووە .

تەحەلولی دەووەمیش ئەو کاتە دەبێت حاجی ڕەمی جەمەرەی یەکەمی کرد و هەدیەکی سەربڕی و سەری تاشی و تەوافی ئیفاضەی کرد، ئەو کاتە تەحەلولی دووەمیش کردووە .

سەرچاوە : مجموع الفتاوی (١٠٩/١٧).